سوژن

عەبدولقادر شەشۆیی



# ئاسایش و یاسای ئیش

ئەگەر یەکێك لەگۆشەنیگای مافەکانی مرۆڤەوە مێژووی دوای ڕاپەڕینی کوردستان بنوسێتەوە ئەبێ بگاتە چ تۆمارنامەیەکی مرۆیی و چ شاکارێکی مرۆڤدۆستی نوسراو ؟ ئەگەر لەڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی سادەی وەکو ڕاپۆرتەکەی گۆڤاری تایمی بەریتانیدا بە "دەوڵەتی ڕاستەقینەی پۆلیسی" وەسفکرابین ئەبێ لە لێکۆڵینەوە و کارێکی جدیدا چ تایتڵێك بۆ ئەزمونی دەسەڵاتی کوردی دابنرێت؟

ئەزمونێك ساڵێکی دوور ودرێژە بە بیرکردنەوە و گوتاری پۆلیسی و ڕەفتاری ئەمنی حوکمی ژیانی مەدەنی تیا ئەکرێت، ئەزمونێك لە باڵادەستی دەزگا ئەمنییەکان و بێدەسەڵاتی و ئیفلیجی دامەزراوە یاسایی و دادوەری و ئیدارییەکان، ئەزمونی سالاری دەسەڵاتێك بەهۆی کۆنترۆڵکردنی تەواوی چاوگ و کایەکانی ژیان و بەهۆی دامەزراندنی سیستمێکی ئەمنی ترسناك و بەهۆی جەوهەری نادیموکراسییەوە، بێباکە لەمتمانەی خەڵك و ڕەوایەتی یاسایی، بێدەربەستە لەئیرادە و ڕای گشتی و لەگوتاری ڕۆشنبیران، بێمنەتە لە باهۆزی ڕووداوەکان و تارمایی ئەو گەردەلولانەی کە لەڕواڵەتی جیاجیادا کۆشکە سیاسییەکانی وڵات دائەگرن.

لەم نێوەندەشدا دەسەڵاتی کوردی بۆ درێژەدان بەو سیاسەتە و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و بەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەوەندەی کاری بەئاسایش و دەزگای هەواڵگری هەیە ئەوەندە کاری بە ڕەوچاوکردنی یاسای ئیش و پەیڕەوکردنی ڕێسا مەدەنی و دیموکراسیەکان نییە، هێندەی هێز و دەسەڵات و مانەوەی خۆی لەفراوانکردن و هەیمەنە بەخشین بەدەزگا پۆلیسی و ئەمنیەکاندا ئەبینێتەوە، هێندە لەپەیەداکردنی متمانەی جەماوەری و بچوککردنەوەی فەراغی نێوان خۆی و هاوڵاتیاندا نایبینێتەوە.

ئەمە نهێنی پشت گەورەکردنی بەندیخانەکان و بچوککردنەوەی باخچە و ئارامگا مەدەنیەکانە لەم کۆمەڵگایەدا ،ئەمە دەری ئەخات بۆچی دەسەڵات هەمومان ناچار ئەکات تەنانەت بۆ ڕایی کردنی کاروبارو مامەڵە مەدەنیەکانیش بچینە بەر دەرگای ئاسایش، ئەمە ڕوونی ئەکاتەوە بۆچی ئەفسەرێکی ئاسایش زیاتر لەدادوەرێك و زیاتر لەئەندام پەرلەمانێك دەسەڵات و سەڵاحیاتی هەیە، ئەمە پەردە لەسەر ئەو ڕاستیە تاڵە هەڵئەداتەوە کە بۆچی دەزگاکانی ئاسایش لەم وڵاتەدا هەرسێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریان هەیە، لەیەك کاتدا ڕۆڵی پەرلەمان و دادگا و حکومەت و پۆلیسیش ئەبینن.

ئەوانن تەحەکوم بەماف و بەئازادی و بەکەرامەت و بەژیانی تاك بە بەتاك و گروپ بەگروپی ئەم کۆمەڵگایەوە ئەکەن ، بەرپێیدانێکی سیاسی بوون بەقازی و بوون بەخاوەن دەسەڵاتی ڕەها، لەکوێدا بیانەوێت کەلەپچە دابەش بکەن ودیوار لە نێوان ژیان و ئازادی و مرۆڤدا هەڵچنن ئەنجامی ئەدەن و لەهیچ یاسایەکیش ناسڵەمنەوە.

هەڵبەتە پرسیاری ئێمە لەسەر ئەو دەزگایەو کارمەندەکانی ئەوە نییە کەئەوان بەکاری سروشتی خۆیان هەڵنەساون و لەدابینکردنی (جۆرێك لەجۆرەکانی) ئاسایشدا کەمتەرخەم بووبن، نەخێر پرسیاری مەبەست و دیاریکراوی ئێمە لەسەر فراوانی دەسەڵاتەکەیان و ئەو سەڵاحیاتەیە کە بەهۆیەوە توانیویانە و ئەتوانن لەدەرەوەی سنووری یاساکان و بەبێ بەهەند وەرگرتنی ڕێسا و بنەماکانی مافی مرۆڤ بڕیار بدەن و ڕەفتار بکەن و مامەڵەی ئەمنی و پۆلیسی لەناو دڵی کاروبارە مەدەنییەکاندا ئەنجام بدەن.

لە ڕاستیدا یادەوەری ئێمە لەگەڵ ئەم دەزگایانەدا ئەگەر لەبەشێکیدا بریتی بوو بێت لەپاراستنی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەکو گشتێك، ئەوا لەبەشێکی تریدا پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و ڕاوەدوونانی ئازادییەکان و گەڕان بووە بەناو تایبەتمەندییەکانماندا.

ئەگەر دەستێکی ئاسایش قەڵغان بوو بێت بۆ پاراستنی شەقام و ماڵ و سامانمان ئەوا دەستەکەی تریان زۆر قورس و کاریگەر بووە لەسەر ماف و ئازادیەکانمان، لەژێر ئەم دەستەیاندا ساڵانێکە زەبری کاریگەر لە مافە مەدەنی و سیاسی و کولتوریەکان دراوە ، مافی ژیان لەمناڵ سەندراوەتەوە، کەلەپچەی سیاسی (نەك یاسایی) لەدەستی ڕۆژنامەنوس و گەنج و ڕەخنەگری ئازاو بوێر کراوە، شەق لەقوتابی زانکۆ و زللە لەڕوخساری دەنگ و ڕەنگ و زمانە جیاوازەکان وەشێنراوە، هەر بەم دەستەیان تەقە بەڕووی ئەنجامدەرانی چالاکیەمەدەنی و جەماوەرییەکاندا کراوە ، زەبروزەنگ و توندوتیژی لەگەڵ هاووڵاتیان بەکارهێنراوە، چاودێری تەواوی هۆکارەکانی پەیوەندی کردن و جموجۆڵ و چالاکی و کاروبارە تایبەتیەکانی تاك کراوە، چاودێری باخچە و پارکەکان و پیاسەی بن درەختەکان کراوە، سانسۆری دەزگا ئیعلامییەکان کراوە، نیزامی تەزکیەی حیزبی پەیڕەوکراوە، هەر لە لایەن ئەو دەزگایەوە زۆربەی شێوازە کلاسیکی و هاوچەرخەکانی ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی لەگەڵ بەندکراوان ومومارەسەکراوە.

لێرەوە دوای پانزە ساڵ لە ئەزمونی ئاسایش سالاری و گوێنەدان بە یاسا و بە نرخی مرۆڤ و ماف و ئازادیەکانی ، ناکرێت تەماشاچیەکی ئازیزی ڕوداوە ترسناك وپێشێلکاریە مەترسیدارەکان بین،ئەخلاقی نییە لە بەرامبەر قوربانیەکانی ئەم ڕەوشە بێ هەڵوێست بین و لە بنی کولەکەکانی دەسەڵات نەدەین ، بۆیە بە خواستێکی گۆڕان و بە واجبێکی ئەخلاقی ئەزانین ڕاشکاوانەتر دەزگاکانی ئاسایش بخرێنە ژێر پرسیاری مرۆڤدۆستیەوە ،پرسیار لە دەسەڵات و سنوری سەڵاحیاتیان بکرێتە پرسیارێکی ئیعلامی و یاسایی،شێوازی بیرکردنەوەی کارمەندانی ئەو دەزگایە و کولتوری ئیشکردنیان بکرێتە بابەت و پرسێکی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری،لە زیندانەکانیان و لەو یاسا سیاسیە قسە بکرێت کە بەهۆیەوە سنور بۆ ژیان دائەنێن وسانسۆری ترس ئەخەنە سەر زمان و پێنوس و دەزگاکانی بیرکردنەوەمان .

هەرچەندە بە هۆی بیرکردنەوەی ئەمنی دەسەڵاتی کوردی لە خۆی و لە خەڵك و بەرامبەرەکانی، بە هۆی ئەو گوتارە سیاسیەی حیزبە سیاسیەکانمان هەڵیان گرتووە ، بە هۆی بوون بە کولتوری ئەو مۆدێلە ئەمنی و هەواڵگریەی کە دەزگاکانی ئاسایش پەیڕەوی ئەکەن و بە هۆی حزوری ئەو فەیلەقە قەڵەم بەدەستەی خۆیان خزاندۆتە کایەی ئیعلامیەوە و هەر خەریکی ماکیاج کردنی ئەتوارەکانی دەسەڵات و پاساو هێنانەوەن بۆ ستەمکاری و پێشێلکاریەکان ، ڕەنگە هێنانە بەرباسی دەزگاکانی ئاسایش و ڕۆشن کردنەوەی بەندیخانەکانیان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بیرکردنەوە و گوتار و ڕەفتاریان کارێکی سەخت و دژوار بێت ، بەڵام هەرگیز نابێت ئەوەش لە بیربکەین کە : ناکرێت ئەم قۆناغە تێبپەڕێنین بێ گێڕانەوەی پێگەی یاسایی و دروست بۆ دام ودەزگاکانی ئاسایش و گێڕانەوەی ئیعتیباری ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ ، ئەمەش مومکین نییە ئەگەر سنورێکی یاسایی بۆ دەسەڵاتی ئاسایش و سانسۆرێکی مەدەنی لەسەر ئاسایشی دەسەڵات دانەنرێت .